# ئەگەر هەرکەسێک تۆمەتی تاوان (فاسقێتی) یان کوفر بۆ هەرکەسێکی تر هەڵبواسێت، ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت؛ ئەوا تۆمەتەکە بۆ دژی خۆی دەگەڕێـتەوە

له ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر هەرکەسێک تۆمەتی تاوان (فاسقێتی) یان کوفر بۆ هەرکەسێکی تر هەڵبواسێت، ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت؛ ئەوا تۆمەتەکە بۆ دژی خۆی دەگەڕێـتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- حەرامی کردووە کە مسوڵمانێک بە برای مسوڵمانی بڵێت: ئەی فاسق یان ئەی کافر، چونکە ئەگەر هاوەڵەکەی بەو شێوەیە نەبێت، ئەوا ئەم وشە وتۆمەتە بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە وتوویەتی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8883